# 60 ساڵ خەبات و بەربەرەکانی و خوێن و فرمێسك !

لە ٢٥ی گەلاوێژی ئەو ساڵدا، شەست ساڵ بە سەر خەبات و تێکۆشانی ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا تێپەڕدەبێت. لەو ماوەیەدا دەیان کۆسپ و هەورازو نشێوو نەهامەتی بۆ ئەندامانی حیزب هاتوتە پێش. هەروەها لە دەیان فرووفێل و پیلانگێری وبەرنامەی داڕێژراوی دوژمن کە بۆڕاوەستان و پاشەکشە لەخەبات چندرا بوون، ڕزگاری بووەو بە سەر بەرزی خەباتی خۆی بەڕێوە بردووە. لەڕۆژێکی وەك ئیمرۆدا، میللەتی کورد بەڕێبەرایەتی پێشەوای نەمر قازی محمد، حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە شاری مەهابادی ڕۆژهەلآتی کوردستان بە بەشداری ڕووناکبیران و مرۆڤی تاکە کەسی و زەحمەتکێشان و گەورە پیاوانی ئاینی و عەشیرەتی نیشتمانپەروەر، دامەزراند. ك، ژ، ك (کۆمەلەیژیانەوەی کورد ) کە ماوەیەکبوو بە نهێنی تێکۆشانی خۆی دەست پێکردبوو، بۆگۆڕینی نێوی خۆی، بەڕێو ڕەسمێکی پڕ شکۆ، کۆبوونەوەیەکی گەورەی لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤دا سازکردو حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ڕاگەیاندو قازی محمدی بە ڕێبەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەڵبژارد.

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ماوەیەکی کورتدا توانی هێندێك کاری گرینگ بکات کە چاوەڕوانی لێنەدەکرا. بۆ وێنە:

– ڕاگەیاندنی کۆماری میللی دێموکڕاتی کوردستان لە شاری مەهاباد، لە ڕێکەوتی ٢ی مانگی ڕێبەندانی هەمان ساڵدا، پێك هێنان و دامەزراندنی سوپای میللی کوردستان، دانانی قوتابخانەو خوێندن بە زمانی کوردی، ناردنی خوێندکاربۆ دەرەوەی ولآت، بەشداریکردنی ژنان لە کاروباری سیاسی و کۆمەلآیەتی، دەرکردنی ڕۆژنامەو گۆڤار بە زمانی کوردی و هەروەها هێنانی تەئاتروسینەماو .....هتد

دوای هێرشی درندانەی ڕژێمی پاشایەتی حەمەڕەزا، کە بەپشتیوانی ولآتانی ڕۆژئاوایی، کۆمارە ساواکەمانی ڕووخاند. حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە نهێنی و خەباتی ژێر زەمینی تێکۆشانی خۆی لەدژی ڕژێمی داگیرکەری حەمەڕەزاشا دەستپێکردەوە. کۆمەلانی گەل بە درێژەدانی ڕێبازی شەهیدان، بە گەرمی لەدەوری حیزبی خۆشەویستی قازی محەمەد کۆ بوونەوە. حیزب لە ماوەیەکی کورتدا بە پشتیوانی

کادرو ئەندامانی ئەوحیزبە، توانی تەشکیلاتی خۆی پێك بێنێ. لەساڵی ١٣٢٧ی هەتاوی ژمارەیەك لە کادرو ئەندامانی حیزب گیران و حوکمی درێژخایەنیان بەسەر داسەپاندن. چەندکەسێکیش لە کادرو ئەندامانی حیزب ئاوارەی هەندەران بوون.

بۆجاری سێهەم بە هیمەتی کادرو ئەندامان، دەستکرا بەدروستبوونەوەی تەشکیلاتی حیزب و جارێکی دیکە، لە شانە ڕا بگرە تا کۆمیتەی شارو کۆمیتەی ناوچە، لەسەراسەری کوردستانی ڕۆژهەلاّت پێك هاتەوە. ڕاستە ئەو گرتن و ئاوارە کردنانە زەربەیەکی گەورەی سیاسی بوون لە تەشکیلاتی حیزب دەدرا، بەلاّم ئەندامانی لەخۆبوردو، بە ماوەیەکی کەم جێگای بەتاڵیان پڕدەکردەوە. دەسگیرکردنی کادرو ئەندامانی حیزبی دیموکڕاتی کوردستان لە ساڵەکانی ٣٢و٣٨و٤١و٤٢ هەموویان زەربەیەکی قورس و گرانبوون کە وەپەیکەری حیزبی دیموکڕاتی کوردستان دەکەوت، بەلاّم هیچ یەك لەو گیران و ئاوارە کردنانەی ئەوکات، بەقەرا زەربەی ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی، قورس و گەران و کاریگەر نەبوون. لە ساڵی ١٣٣٨ی هەتاویدا زیاتر لە سێسەت کەس لەکادرو ئەندامی کومیتەکان گیران و پتر سیسەتکەسیش ئاوارەی کوردستانی عێراق بوون، کە لەو سەردەمدا ژەنراڵ عەبدولکەریم قاسم ئینقلابی بەسەر رژێمی پاشایەتیدا کردبوو،و کۆماری دێموکراتیکی عێراق ڕاگەیەندرا بوو.

زەربەی ساڵی ١٣٣٨ بەحەددێك قورس و گران و بەرین بوو، بۆماوەی پتر لەساڵ نیوێك خەڵکی ڕۆژهەلاّتی کوردستانی تاساند، بەلاّم میللەتێك کە لەژێرگوشارو زوڵم و زۆریدا بێت و مافی نەتەوایەتی پێشێلکرابێ و لە هەمو مافێکی مرۆڤایەتی بێبەشکرابێ، هەرگیز واز لە خەبات و ململانەی دژی داگیرکەران ناهێنێ و کوڵ نادات و ڕێگە بە خۆی نادات دەست لەسەر دەست دانێ ڕێگای شەهیدانی وەکوو قازی محمد کوێر بێتەوە.

هەروەك ئاگادارین دوا بەدوای ئەو پەلامارو گرتنانەی رژێم و زیندوو بوونەوەی تەشکیلاتی حیزب، دەزگای سەرکوتکەری پاشایەتی سەرنجی تەواوی بەرەو کوردستان ڕاکشاو دەستیکرد بەدروستکردنی پایەگاو پادگانی نیزامی و دەزگاو بنکەی گەورەی جاسووسی بۆدەستەمۆ کردن، واتە ئیدارەی : سازمانی ئەمنیەت و ئیتلاعات کشوەر، هێنا کوردستان. بەدانانی ئەو ئیدارە سامناکە لە کوردستان، دروستبوونەوەی تەشکیلاتێکی پتەوی وەك پێشوو، سەختو دژوارتر بوو، چونکە ساواك پەرِوپۆی

هاویشتبووە هەموو کەلێنو قوژبنێکەوە. هەربۆیەشبوو کە لە ساڵەکانی ٤١و٤٢ ی هەتاویدا، ئەندامی کۆمیتەکان بێ پشوودان دەگیرانو ڕەوانەی ڕەشەچاڵەکان دەکران. دیارە دروستبوونی کۆمیتەی ساخکەرەوەو کۆمیتەی ئینقلابی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕاپەڕینی ساڵی ٤٦و٤٧ی لێ پێك هات، بەڵام بە هۆی سەرکوتکردنی بیروحمانەی رژێمی دیکتاتۆری شا، ئەویش لەجیاتی بەرهەمو هێنانەدی ئامانجەکان، وەك هەموو ئەو ڕاپەڕینانەی کە لە مێژوودا دەیانخوێنینەوە خوێنو فرمێسکی بۆگەلەکەمان بەرهەم هێناو گرتنو شکنجەوئێعدامە سەحراییەکانی پادگانی جەڵدیانی لێ پێك هات. رژێمی شا بەکوشتو کوشتارو زەبرو زەنگو ئێعدامی سەحراییو شکنجەی گیراوە قارەمانەکان، خیالی بوو کوتایی بە تێکۆشانو بزوتنەوەی شۆرشگێری گەلەکەمان بێنێو بەردی خاترجەمی وەبن سەری خۆی بدات، بەڵام نەك هەر نەیتوانی بە ئاواتە گەلاوەکانی خۆی بگات، بەلکوو بەشۆرشی گەلانی ئێران تاجو تەختی لێوەرگەڕاو،و سەری تێداچوو. بێشك رژێمی کۆنەپەرستی ئاخوندیش ئەو ڕۆژەی لە پێشەو مێژوو چاوەڕوانیەتی .

دوای ڕووخانی رژێمی پاشایەتی، حیزبی دێموکراتی کوردستان زۆری هەوڵدا لە ڕێگای ئاشتیخوازانەوە چارەسەری مەسەلەی کوردو بکاتو گرێپووچکەی کێشەی کورد بکاتەوەو بە هێدیو هێمنی بیخاتە نێو چوارچێوەی نێودەوڵەتی، بەڵام بەرچاوتەنگیو شۆڤێنیستی تێکەڵاو کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی، هەموو ڕێگاکانی وتوو وێژی سیاسیو دیپلۆماسی داخستبوو،و فریوو فریوکاری کردبووە زمانی دیالۆك، کە ئەویش ڕێگر بوو لە گەیشتن بەئامانجەکانی گەلی کورد. سەرئەنجام شەری نەخوازراوی بەسەر کوردا سەپاندو خوینو فرمێسکی بۆ گەلی کورد کرد بە دیاری .

ئێستاکە ٢٦ساڵە کۆماری کۆنەپەرستی ئیسلامی خوێنو فرمێسکی کۆمەلانی کوردستانی کردوتە بەرنامەی ڕۆژانەی خۆیو، پێیوایە بەو کوشتنو برینە دەتوانێ گەلەکەمان لە مافی ڕەوای خۆی واز پێ بێنێو بۆ هەمیشە سەرکوتی بکرێ. کە چی هەر لەو مانگە دابوو کە گەلی کورد لەسەرانسەری کوردستان ڕاپەڕیو بە خوێنی لاوانو فرمێسکی دایکان، هەموو بەرنامەو خیاڵو ئاواتەکانی دوژمنی داخ لەدڵی پووچەڵکردەوەو پێی سەلماندن کە گەلێکی ماف پێشێلکراوی چەوساوە ناتوانێ واز لە

ئازادی و رزگاری و داوا رەواکانی خۆی بینێ و سەروەت و سامانی تالآن بکرێت.
لە کاتێکدا جێژنی بیرەوەری شەست ساڵەی حیزبەکەمان دەگرین، کە وا دەبینین گەلی کوردمان لە باشوور لە مافەکانی نیزیك بوتەوەو ئەو رۆژانە جێژنی بۆ دەگرین. هەروها خەباتکارانی گەلەکەمان لە دژی نەبوونی ئازادی و گوشاری کۆماری کۆنەپەرستی ئیسلامی راپەریوەو زوڵم و ژێردەستی و سەرکوتی خۆی بەجیهانیان نیشانداوە کە لەوە زیاتر ناتوانێ لە ژێر نیری ستەمی نەتەوایەتیدا بمێنێتەوە.
لە کاتێکدا بیرەوەری دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکەین، کە لە هەموو وەختێك پتر پێویستمان بەیەکێتی و یەکگرتن و پتەوی ریزەکانی حیزبەو، دەبێ درۆشمی دێموکراسی لە هەموو مەیدانەکانی کارو تێکۆشاندا سەرلەوحەی کارو تێکۆشانی سیاسیمان بێت و بە دوژمنانی بسەلمێنین کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە پشتیوانی رووناکبیران و زەحمەتکێشان و ژنان و پیاوانی شۆرشگێرو سەرجەم کۆمەلآنی کوردستان شێلگیرانە بۆ وەدی هێنانی ئاوات و ئامانجە لەمێژینەکانی نەتەوەکەمان کە ئازادی و رزگارییە، بێ راوەستان درێژە بە خەباتی خۆیدەدات.
لە کۆتاییدا، منیش وەکوو ئەندامێکی خوارەوەی ئەو حیزبە، پربەدڵ پیرۆزبایی ئەو رۆژە مێژووییە لە دەفتەری سیاسی و بەرێوەبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران و کادری گشت بەشە جۆر بەجۆرەکانی، بەتایبەتی بەشی پێشمەرگەو رادیۆ و رۆژنامەو راگەیاندن و بەشی دەرمانی هەموو ئەندام و لایەنگرانی دەکەم و سەربەرزی و بەردەوامی خەبات و تێکۆشانیان بەئاوات دەخوازم.

سەرکوێ خەباتی نەتەوەی کورد بەسەر دوژمنانی داگیرکەردا.
سلاو لە گیانی پاکی شەهیدانی سوور خەلآتی کوردستان.
سلاو لە زیندانیانی سیاسی نێو رەشەچاڵەکانی ئاخوندی.
روو رەشی بۆ کارنامەی ٢٦ساڵەی کۆماری ئیسلامی ئێران.

سەعید کاوە (کوێستانی) ٢٠٠٥/٨/١٧ی زاینی
www.kurdland.com/said